واشنتۆن داوا لە سووریا دەکات هەرشەکانی لە حەلەب و تێبقە ڕابگرێت

ئەمیراڵ براد کۆپەر، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا، داوای لە سوپای عەرەبیی سووریا کرد هەرشەکانی لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون حەلەب و تێبقە ڕابگرێت.

ئەمیراڵ براد کۆپەر، لە ڕاگەیەنراوەکدا، پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ هەوڵی هەموو لایەنەکان لە سووریا دووپاتکردەوە بۆ ئامانجی گەیشتن بە زیاتربوونی تووندوتیژییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە.

ئەمیراڵ براد کۆپەر، دەڵێت "هانی هەزە حکومییەکانی سووریا دەدەین دەست لە هێرشەکان هەڵبگرن لەو ناوچانەی کە دەکەونە نیشتەجێبوون حەلەب و تێبقەوە".

فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا جەختیکردەوە، لەناوبردنی جەکخراوی داعش پێویستی بە فشاری سەربازیی هەماهەنگ هەیە لەنێوان هاوبەشە سووریەکان و هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان.

ئەمیراڵ براد کۆپەر، فەرماندەی فەرماندەیی ئەمریکا دەشڵێت، "سەقامگیریی ناوچەکە پشت بە سووریایەکی ئارام لەناوخۆ و لێگەڕ دراوسێکانیدا دەبەستێت".